
زمانی کوردی سۆرانی
اللغة الكردية السورانية

# ② چۆنییەتی دەستنوێژ و تەیەموم و غوسلکردن

## چۆنییەتی دەستنوێژ


1 به دڵ نییەتی دەستنوێژ دەهێنێت و ئەمجار دەڵێت : (بسم الله) ئەمجار هەردوو دەستی دەشۆرێت .




2 ئەمجار به دەستی راستی ئاو دەبات و وەریدەداتە دەمی ( ئاوەکە دەخاتە دەمی و لە دەمیدا دەیسوڕێنێتەوە) ، ئەمجار ئاوەکەی دەمی فڕێ دەدات (واتە لەٚ دەمی دەریدەهێنێت) ئەمجار ئاوەکە دەخاتە لووتی ( واتە به لووتی ئاوەکە رادەکێشێت) ئەمجار دەریدەهێنێت (واتە پەنجەی شایەتمان و پەنجە گەورەکەی دەخاتە سەر لووتی ئاوەکە دەردەهێنێت).




3 ئەمجار روخساری دەشۆرێت (لە جێگای دەرچوونی قژەکەیەوە تاوەکو کۆتایی ریش و چەناگەی ، ئەمە به درێژی .وە نێوان هەردوو گوێی به پانی) .




4 ئەمجار دەستەکانی دەشۆرێت لە سەرەتای پەنجەکانییەوە لە گەڵ هەردوو ئەنیشکیدا ، به دەستی راستی دەست پێ دەکات ئەمجار دەستی چەپی .




5 ئەمجار هەموو سەری دەسرێت (مەسح دەکات) ، سەرەتا بە هەردوو دەستی لە سەرەتای سەرییەوە دەست پێ دەکات تاوەکو پشتە سەری ، ئەمجار جارێکی تر لە پشتەوە دەیهێنێتەوە بۆ پێشەوەی سەری .



6 ئەمجار هەردوو پەنجەی شایەتمانی دەخاتە ناو هەردوو گوێی و به هەردوو پەنجە گەورەی پشتەوەی گوێی دەسرێت



7 ئەمجار هەردوو پێی به قاپەرەقەوە دەشۆرێت .



8 حوکمی زیاد لەو ئەندازەیەی شەرع دایرشتووە ؟
دروست نییە لەو ئەندازەیەی شەرع دایناوە لە دەستنوێژدا زیاتر ئەنجام بدرێت ، وەکو ئەوەی سێ جار زیاتر بیشۆرێت ، یان دەستەکانی لە سەرەوەی ئەنیشکەکانی بشۆرێت ، یان سەرەوەی قاپەرەقەی بشۆرێت لە قاچەکانی ، یان ملی مەسح بکات .



9 دوای ئەوەی لە دەستنوێژەکەی بووەوە دەڵێت :
"أَشهَدُ أَنَّ لا إلَهَ إلّا اللّه وَحدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ "،
"اللَّهُمَّ اجعَلنِي مِنَ التَّوَّابِينَ واجعَلني مِنَ المُتَطَهِّرِينَ".

10 لە هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ :
١- ئەوەی لە پێش و پاشەوە دەردەچێت وەکو : میز و پیسی و با.
٢- نەمانی عەقڵ به خەوتن بێت یان لە هۆشخۆچوون .
٣- خواردنی گۆشتی وشتر.

## چۆنییەتی تەیەموم کردن


1 تەیەموم بریتییە لە :
جێگرەوەی ئاو بۆ تەهارەت ئەگەر نەتوانرا ئاوەکە به کار بهێنێت لە ئەندامەکانی تەهارەتدا یان لە هەندێکیدا لەبەر نەبوونی ئاو یان ترسان لە بەکارهێنانی ، ئەو کات خۆڵ (گڵ) جێگەی ئاو دەگرێتەوە .

2 به دڵ نیەتی تەیەموم دەهێنێت ئەمجار دەڵێت : (بسم الله)
ئەمجار یەکجار به دەستەکانی دەدات لە زەوییەکە و به بەشی ناوەوەی دەستی (لەپەکانی) روخسار و پشتەوەی دەستەکانی دەسرێت .

1 2 3 4



3 دروست نییە پەنجەکانی لەیەک دوور بخاتەوە لە کاتی لێدانی زەوییەکەدا و دروست نییە نێوان پەنجەکانی مەسح بکات لە کاتی مەسحی دەستیدا .



## چۆنییەتی غوسلی واجیب

1 به دڵ نییەتی غوسل دەهێنێت ، ئەمجار به نهێنی دەڵێت (بسم الله) ، ئەمجار هەموو جەستەی دەشۆرێت به ئاو و ئەوەی لە ژێر پرچەکەیدایە ، تەنک بێت یان پڕ ، لە گەڵ ئاو وەردانە دەم و لووت .

2 ئەو شتانەی غەسل واجیب دەکەن :
١- لەشگرانی : ئەویش بریتییە لە دەرچوونی مەنی به جووت بوون یان جگە لەوە ، یان بەریەک کەوتنی هەردوو خەتەنە کراوەکە ٢- دەرچوونی خوێنی سوری مانگانە و زەیسانی .٣- مردنی کەسێک جگە لە شەهید .
٤- موسڵمان بوونی بێباوەڕ .

ئامادەکردنی : دکتور هەیسەم سەرحان ، مامۆستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە :
mahadsunnah.com

مافی چاپ و بلآوکردنەوە رێگەپێدراوە . بۆ وەرگیرانی بلآوکراوەکە : sarhaan.com
یان بارکۆدەکە سکانٚ بکە.